# گۆڕانگاری و نوێبونەوە یان کۆنبونەوە....؟!

ئازاد قەزاز
هۆڵەندا 5 – 2006
azad60@hotmail.com

گۆڕانکاری ,نوێبونەوە و کۆنبونەوە, سێ وشەن, مانای زۆر و زەبەند هەڵدەگرن. لێرەوە دەمەوێ پرسیار و سەرنجی خۆم بەو هەنگاوانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەبارەت بە گۆڕانکاری و نوێبونەوە دەینێت, بخەمەڕو. پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا یەکێتی نوێدەبێتەوە یان کۆندەبێتەوە؟!

بێگومان زۆرخۆشحال دەبم کاتێ لەو جۆرە وشە و دەسەتەوژانەی کە بۆنی نوێبونەوەی لێدێ ببیستم. بەلام هەرچەند ئەکەم قایلم ناکات و توێنوێتیم ناشکێنێ. لە نێوەندی هەموو ئەو ئاماژە و بانگەوازکردنە بۆ نوێبوونەوە پێشنیارەکەی کۆسرەت رەسول زیاتر بووەتە جێی سەرسوڕمان و حە پاساندومی. هۆی سەرسوڕمانەکەشم لەوەدایە, چۆن وا لە پڕێکدا لێپرسراوێك, ئامادەیی ئەوەی تێدا دروست بوو کە بە ئاسانی واز لە پلە و پایەی خۆی بێنێ بۆ یەکێکتر, وەك خۆی دەلێ بۆ گە نجەکان. ئەم هەڵوێستە هەرچەند جوان و بەرزە بەلام ناتوانم پێی قاییل بم, هۆی قاییل نەبونەکەشم ئەو ترسەیە کە ئەم وشانە هەر بۆ موجامەلە و چەواشەکردن بێ. چونکە ئەم دوو خەسلەتە لە کۆمەلگەی ئێمەدا باوون و لە ڕەفتاری زۆربەی تاکەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە.

ئەوەی لای ئێمە باوە, دەسەلاتدار داوای گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ناکات, ئەوەی ئەو خواستەی هەیە بێ دەسەلات و ئۆپۆزسیونەکانن. چونکە تا ئەمڕۆش دەسەلاتدارانی ئێمە هیچ کاتێك خوازیاری گۆڕانکاری نەبوون بە تایبەتی ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەبوبێ. هەر گۆڕانکاریەکیشیان لێرە و لەوێ کردبێ, لە گۆڕانی ڕوکەشی و جێگۆڕکێ تێنە پەڕیوە. گۆڕانکاری لەو چەشنە هیچ لە جەوهەر و بنەڕەتی کێشەکان ناگۆڕێت و ئاراستەی مەسەلەکان بەرەو لایەکی باشتر نابات,جگە لە بەرژەوەندی دەسەلات هیچی تر دابین ناکات.

هۆیەکی تر ئەوەیە بە هەر پێوانەیەکی زانستی دەروونی ,کۆمەلایەتی ,ڕوحی و فەلسەفی ئەم هەنگاوە دەیپێوم, نامگەینێتە دەرئەنجامێکی ماقول, چونکە گۆڕانکاری لە مەڕ کۆمەلگەیەکی وەك ئێمە, دەبێ بگاتە ئەو زەمینەیەی کە خۆمانمان لەسەر ڕاگرتوە, بە واتایەکی تر گۆڕینی ئەو باکگراوەندەی لە پشتی هەر یەکێکمانەوە تەنراوە و پالمان پێوە داوە, ڕوونتر بلێم گۆڕینی ئەو نەستەیە کە بە درێژایی مێژووی کورد پێکهێنراوە و ئێستەش هەر پێکدەهێنرێتەوە.

گۆڕان و نوێبوونەوە لە کۆمەلگە یان نەتەوەی کورد دا خوازیاری ڕێبازێکی دەروونشیتەلی نەستەکۆی تاکەکانی کوردە. واتە ئەو نەستەی لە پڕۆسەی مێژووییدا بۆ کۆی کورد دروست بووە, بدرێتەوە بەر تیشکی هەست و هەستیش بە پڕۆسەیەکی زانستی و فەلسەفی سەردەم گۆش بکرێتەوە. واتە جۆرێك لە لە مێشك و دورون شۆردنەوە بۆ کورد بکرێ. ئەوسا گۆڕاوین و نوێ بوینەتەوە.

ئەوەندەی بەندە سەرنجی داوە, دەبینم یەکێتی لە بری نوێبونەوە, کۆنبونەتەوە. جولەی یەکێتی لە بری ئەوی بەرەو پێشکەوتن و هەلچون بیانبات,– هیگل وتەنی– بەرەو دواکەوتن و داچوون دەیانباتەوە. ئەم حالەتەش سیما و خەسلەتی گشت پارت و گروپەکانی لە مەڕ خۆمانە.

به مانایەکی تر پڕۆسەی گۆڕانکاری بتەوێ و نەتەوێ لە ناو مرۆڤدا بەردەوامە. چونکە پێکهاتی دەروونی و ئەقلی کۆی مرۆڤ خوازیاری گۆڕان و جولەیە. بەلام گرفتەکە لەوەدایە گەر مرۆڤ هۆشیار و بە ئاگا نەبێ, ئەو جولەیەی لەبری ئەوەی بەرەو پێشکەوتن و هەلچونی بچێت بەرەو دواکەوتن و داچونی ئەبات. لەبری ئەوی چاوی بکاتەوە, چاوی دادەخات, بێ ئەوەی ئەو کەسە یان کۆمەلگایە بە خۆشی بزانێ کە لە چ حالەتێکدایە. بگرە بە بۆچونی خۆشی وا دەزانێ گۆڕاوە و پێشکەوتووە.

هەموو کۆمەلگایەك بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی دوانەکەوێت, هەر چەند سەدەیەك جارێك سەرەڕای گۆڕانی سادە و ڕوکەشی و جێگۆڕکێی, پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی و جەوهەری هەیە,کە لە خودی خۆیدا بەدی بهێنێت. گۆڕانێکی لەو جۆرە بنەڕەتی و قولداچوونە لەو زەمینەیەی کە ئەو کۆمەلگەیە خۆی لەسەر ڕاگرتوە با بۆ جارێکیش بێ لە مێژودا, پێویستە .

لە مێژوی ڕۆژئاواییەکان لەم جۆرە گۆڕانە بنەڕەتیە چەند جارێك بەدی ئەکرێت. هەروەها لە مێژوی هیندی و چینی و یابانیەکان بەدی دەکرێت . فارسەکان لەسەر دەستی زەردەشت ئەو گۆڕانە بنەڕەتیەی دیوە. عەرەبیش لە مێژوی نزیکدا لەسەر دەستی موحەمەد ئەم گۆڕانەی لە خۆیدا بەدیهێناوە کە من لە چەند نوسینێکی ترمدا بە ئەنتی باوان ناوزەندم کردوە, کە ئەو جارێکی تر کۆمەلگەکەی خۆی بە جاهلیەت وەسفکردووە. تەنانەت کەمال ئەتاتورك جۆرێك لەم گۆڕانە دەخولقێنێ با لە رووی سیاسی و عەسکریشەوە بووبێ کە کۆماری لەبری خەلافەتی باوانی دەخاتە روو. بەلام مێژووی نەتەوەی کورد کە مێژونوسەکان دەیگێڕنەوە بۆ سێ هەزار سال لەمەوبەر, تا ئێستا گۆڕانێکی بنەڕەتی و جەوهەری بە خۆیەوە نەدیوە. هەرچی گۆڕانێکیش ڕوویدا بێ هەر ڕا پێچکردنێك بووە لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکانی نەتەوەکانی ناوچەکە ڕوویداوە. کورد تا ئێستەش دیلی ئایدۆلۆژیای نەتەوەکانی ترە, چونکە لە کاتی خۆشیدا کە ئەو ئایدۆلۆژیانەی وەرگرتووە, خۆمالی نەکردون و گۆڕانێکی جەوهەری بەسەر خویدا نەهێناوە. تەنها ڕا پێچکردنی ئێمە بووە و سەرکردەکانیشمان بە ڕووکەشی وەریان گرتووە و دەسەلاتی خۆیانیان پێپاراستوە. هەروەك نمونەی دیمۆکراسیەکەی ئەمڕۆ, دیموکراسی وەك ئایدیایەکی لێهاتووە کەس ناتوانێ خۆی لێ لابدات. کوردیش بەهەمان شێوە ناتوانێ خۆی لێ لابدات, لە هەمان کاتیشدا خۆی پێدا هەلواسیوە و بەڕێی ئەکات, هەروەك چۆن ئیسلامی بەڕێکردووە هەروا دیموکراسیش بێ ئەوەی بەڕۆحیاندا بچێتە خوارێ بەڕێیدەکەن. ناتوانێ ئەو دیموکراسیەتە بە شێوەیەك بەکار بێنێ تا گۆڕانکاریەکی جەوهەری لەڕۆح و هزری تاکەکانیدا بەرپا کات. ئەوەی کورد لەم ساتەوە وەختەدا لە دیموکراسیەت وەریگرتوە تەنها کۆمەلێك ڕوخسار و ڕوکەشن و دەیانکاتە دروشم و وەك بۆیاخ دیوی دەرەوەی خۆی پێ جوان و ڕازاوە دەکات. ئەگەر ئەمڕۆ کورد نەتوانێ بە هۆی دیموکراسیەتەوە شتێك بۆ خۆی بکات و جەوهەر و ڕۆحی خۆی نوێ نەکاتەوە , دوایی کە دیموکراسیەت پێز و تێزی خۆی لە دەست دەدات , هەر ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە گۆڕانی بە بالایدا بلێ هەروەك چۆن ئێستا گۆڕانی بەبالای ئیسلامدا دەلێن بۆ ئەوەی عەرەب لێیان نەتۆرێ. لێرەدا ئەو مەبەستەم نیە کورد دژایەتی ئیسلام بکات, نەخێر هەرگیز ئەو مەستەم نیە و نەبووە. ئەم مەبەستەم لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی (سایکۆپۆلیتیك) ڕوونکردۆتەوە.

ئەوەتا نزیکەی 15 سالە چ شتێکی جەوهەری لەو لەو کۆمەلگەیەدا چەکەرەی کردوە. بە ناوی عیلمانیەتە وە دەدوێن و مەزارگا دەڕازێننەوە و سەری بۆ دادەنەوێنن. بە ناوی دیموکراسیەتەوە دەدوێن و دەسەلات دابەش دەکەن. بە (مارکسیزم) دەستیان پێکردو بە (حەج و عومرە) کۆتاییان پێهێنا. لێرەدا مەبەستی من ئەوە نیە کە

**بانگەواز بۆ کۆمەلگەیەکی بێ تقوس بکەم چونکە بێ ئاگا نیم لەوەی  کە تقوس چەندەلە ناخی مرۆڤدا  چەقیوە و چەندە بالی بەسەر کۆمەلگەدا کێشاوە. هەروەك ئەنترۆپۆلۆژێکی ئەمریکی (ئێدوارد ساپیر) دەلێ: ((خودی مرۆڤ خۆی تقوسە, بەلام تقوسێکی بیرکەرەوەیە)) جگە لەوەش کۆمەلگە هەرچەن عیلمانیش بێ, بێ تقوس نابێ. بەلام تقوس دەشێ لە لە خزمەتی مرۆڤدا  تەوزیف بکرێ نەك  بە  پێچەوانەوە. بەلام چ تقوسێك, تقوسێك کە مرۆڤ هۆشیارانە و بە ئاگاوە بۆ بەرێوەبردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لە کۆمەلگەدا دایدەمەزرێنێت و پەیرەوی دەکات زۆر جیاوازە لەو تقوسەی کە لە نەستی مرۆڤەوە نا هۆشیارانە هەلدەقولێ و خۆشی دەکاتە قوربانی. دەسەلاتداران بزانن یان نەزانن ئەم حالەتە ناهۆشیاریەی کۆمەلگە تۆخ دەکەنەوە و لە خزمەتی بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاریدەهێنن. دیارە کە دەلێین تقوس تەنها ئەرکە ئایینیەکان ناگرێتەوە, بەلکو هەموو کارێك کە  کۆمەلگە پێکەوە دەبەستێتەوە و پێی دەناسرێتەوە, دەشێ ناوی تقوسی لێبنێین.**

**مەزارگایەك کە دەبێتە جێگەی سەردانی خەلکی بە بەردەوام و چەند داب و نەریتێکی بۆ دادەمەزرێنن , جۆرێکە لەو تقوسانە و شەرعیەتی ئەم جۆرە مەزارگایانە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت تەنها ئەو شوێنە وەك جێگەیاد بۆ وروژاندنی یادەوەری تا رابوردویەکی جوان, بەرز, ترادیژی وەبیربێنێتەوە, نەك هەمیشە  پیرۆز بکرێت و وا نیشان بدرێت لەو باشتر و ئاقل تر و زانا تر  نەبوە و نابێتەوە. لە هەمان کاتدا ئاما نجێکیش بۆ ئەو گەل و نەتەوەیە تەحقیق کرد بێت. وەك نمونەی گاندی کە نەك هەر  نمونەی ڕەوشت بەرزی بۆ هیندۆسیەکان بە جێهێشت, بەلکو بۆ مرۆڤایەتیش  نمونەی جوانی سەبارەت بە خۆشەویستی و نەنواندنی توند و تیژی لە یادەوەری مرۆڤایەتیدا بەجێهێشت. لە هەمان کاتدا تەنها پشتی بە خۆی و نەتەوەکەی بەستبوو, کۆمەك پالپشتی لە هیچ شوێنێکی ترەوە نەخواست بوو .**

**ئێمە لە بری ئەوەی  یادی سەرکردەکانمان پیرۆز و بە ئەدلەژە بکەین, دەبێ لە فیکر و ڕێبازەکانیان  بکۆلینەوە و بیانخەینە ژێر ڕەخنە و پرسیارەوە. کاتێ باس لە گۆڕانکاری دەکەین دەبێ لێرەوە و لەم ڕوانگەیەوە دەست پێبکەین. ئەو زەمینەیە کە دەسەلاتدار و بێدەسەلات و سەرکردە و جەماوەریش لەسەری وەستاون, هەلتەکێنین, تا زەمینەیەکی تازە تر و لەبار تر دامەزرێنینەوە. چونکە تا ئەو زەمینەیە نەگۆڕێت, لەو باوەڕەدا نیم گۆڕانکاری وەك پێویست ڕوودات. ئیتر با بەڕێزان بەو وشە جوانانە درووشم و وتاری خۆیان بهۆننەوە. هەموو گۆڕانکاریەکیش هێندەی خوازیاری هێنانەدی  ئاستێکی  ڕۆشنبیری و ڕوناکبیری بەرزە, هێندە و زیاتریش خوازیاری ویژدانێکی زیندوو و ڕەوشتێکی بەرزە.**